Research Center

# بۆچی گفتوگۆی ستراتیژی؟ ڕەهەندە ئەمنی و سەربازییەکانی گفتوگۆ چاوەڕوانکراوەی ئەمریکا - عێراق

12-04-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە لە نێوەڕاستی مانگی6ی ئەمساڵدا، وڵاتەکەی بە سەرپەرشتی دەیڤید هەیڵ جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری سیاسی، گفتوگۆی ستراتیژی لەگەڵ عێراق دەکات. هەموو پرسە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوولا، بە پرسی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقیشەوە، لە ئەجێندای گفتوگۆکاندا دەبن.

زریان ڕۆژهەڵاتی|

**بەرایی**

مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا رایگەیاندووە كە لە نێوەڕاستی مانگی6ی ئەمساڵدا، وڵاتەكەی بە سەرپەرشتی دەیڤید هەیڵ جێگری وەزیری دەرەوە بۆ كاروباری سیاسی، گفتوگۆی ستراتیژی لەگەڵ عێراق دەكات. هەموو پرسە ستراتیژییەكانی نێوان هەردوولا، بە پرسی مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراقیشەوە، لە ئەجێندای گفتوگۆكاندا دەبن.[1]ئەمە پێشتر لەلایەن عادل عەبدولمەهدی سەرۆكوەزیری دەستلەكاركێشاوەی عێراقیشەوە باسكرابوو. لە رۆژانی رابردوودا" مەجلیسی ئەمنی نیشتمانی"شی لەسەر ئەو بابەتە كۆكردبووەوە.

حكومەت بە رەسمی پێشوازی لە داواكارییەكی ئەمریكا بۆ گفتوگۆی ستراتیژی كردووە بەڵام، هەندێك لە لایەنە شیعییەكان بە چاوی گومانەوە سەیری دەكەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە كە بۆچی پێویستیی گفتۆگۆی ستراتیژیی واشنتن-بەغدا دەركەوت؟ لەوەش گرنگتر، ئەمە دەتوانێت چ كاریگەرییەك لەسەرهەرێمی كوردستان دابنێت؟

**گفتوگۆی ستراتیژی واشنتن- بەغدا**

خواستی گفتوگۆی ستراتیژی لەنێوان ئەمریكا وعێراق لە كاتێكدایە كە سەرەڕای داواكاریی هەندێك لایەنی شیعی بۆهەڵوەشاندنەوە یان هەمواركردنەوەی رێككەوتننامە ستراتیژیەكەی ساڵی 2008ی نێوان هەردوو وڵات، حكومەتی عێراقی بە رەسمی داوای هەڵوەشاندنەوە یان هەمواركردنی نەكردبوو. خۆئەگەر داوایەكی وەهاش بكات لانیكەم ساڵێكی پێویستە هەتا كۆتایی پێبێت.[2] لەو رێككەوتننامەیەدا ئەمریكا بەڵێنی هاوكاریی لە دژایەتیی تیرۆر و راهێنان و یارمەتیدانی عێراقی بۆ بەرگری لە هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەكییەكان داوە. تەنانەت بەشێوەیەكیش بەڵێنی رێگرتن لە جیابوونەوەی هەرێمی كوردستانی داوە كە لە بەشی سێیەمدا بەڕوونی دەردەكەوێت.[3] لەوەش گرنگتر، ئەمریكا سەروەری عێراقی بە رەسمی ناسیوە. بۆیە زۆرێك لە سیاسییە ریالیستەكانی عێراق، بەدەر لە هاتوهاواری ئایدۆلۆژیك، نەك هەڵوەشاندنەوە بەڵكوو دەسكاریكردنی چەند ماددەیەكی رێككەوتننامەیەكەیان بە گونجاوترزانیوە.

خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە كە وادیارە ئیدی ئەو رێككەوتننامەیە تێری دابینكردنی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا ناكات بۆیە داوای گفتوگۆی ستراتیژی دەكات. راستییەكەی، رێككەوتننامەی ستراتیژی 2008، لەگەلێك رووەوە بە قازانجی عێراق بووە. لە سەردەمێكیشدا نووسراوە كە واشنتن لە ژێر گوشاری سیاسەتی نێوخۆیی سەبارەت بە شەڕ و ئاڵۆزیی ئەمنیدا لە عێراق گیری خواردبوو.

بە لەبەرچاوگرتنی رێككەوتننامە ستراتیژیەكەی ساڵی 2008، داواكردنی گفتوگۆی ستراتیژی لە كاتێكدایە كە:

**یەكەم-** حكومەتی بەغدا لە ساڵی 2020دا لانیكەم لە دوو بەیاننامەدا ئەمریكای بە پێشێلكردنی سەرەوەری عێراق تۆمەتباركردووە. ئەوانیش لەدوای كوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبومەهدی موهەندیس لەگەڵ بۆدورمانكردنی هەندێك لە بنكە و بارەگاكانی حەشدی شەعبی بوو. ئەمەش وادەكات كە لەڕووی یاساییەوە، كردەوەكانی لە عێراق لەژێر پرسیار بێت. لەوانەیە یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو گفتوگۆیە وەرگرتنەوەی رەوایی بێت.

**دووەم-** مشتومڕێكی جیدی هەیە سەبارەت بەوەی كە ئایا خاكی عێراق بۆ هێرشكردنە سەر وڵاتانی ناوچەكە بەكاردێت یان نا. ئەمە لە دۆسیەی هێرشەكانی ئارامكۆ، دەستوەردان لە كاروباری سووریا بەڕوونی دیارە. بێگومان ئەمەش لەگەڵ رێككەوتننامەكەدا ناگونجێت كە تییدا بەڵێندراوە "ئەرز و ئاو و ئاسمانی عیراق وەك سەكۆ یان گوزەرگایەك بۆ هێرشكردنە سەر وڵاتانی دیكە بەكارنەیێت." پێدەچێت واشتن بە تەمابێت عێراق خاك و ئەرز و ئاسمانی خۆی سفتوسۆڵتر بكات و رێگە نەدات بۆ دژایەتیكردنی هاوپەیمانەكانی واشتنتن بەكاربهێنرێن.

**سێیەم-** هێرشەكانی سەر بنكە سەربازییەكانی ئەمریكا و هەوڵی سووتاندنی باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە بەغدا دەریانخست كە حكومەتی عێراق توانای پاراستنی دامەزراوە و كەسە ئەمریكییەكانی كەمە. پێدەچێت یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو دانووستاندنەش، وەرگرتنی گەرەنتی یان دانانی میكانیزمێكی گونجاوتربێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا.

**چوارەم-** ئەمریکا، لانیکەم تا ئێستا وای ڕاگەیاندووە کە بە نیازی کشانەوە نیە لە عێراق بەڵام، واشنتن لە ڕێککەوتننامە ئەمنییەکەدا ئەو مافەی بەعێراق داوە کە هەروەختێ بیەوێت، داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا بکات. هەروەها بەڵێنیشی داوە کە داوای درووستکردنی بنکەی سەربازی هەمیشەیی نەکات.[4] لە بەلەبەرچاوگرتنی بڕیارەکەی پەرلەمانی عیراقیش سەبارەت بە نەمانی هێزەکانی ئەمریکا، لەوانەیە ئەمریکا هاوشێوەی ساڵی 2008بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ پرسی مانەوە یان دیاریکردنی خشتەیەك بۆ کشانەوەی هێزەکانی بێت.

**ئەگەری سەرگرتنی ڕێککەوتنی ستراتیژی**

ئەمریکا دانووستاندنەکانی خستۆتە نێوەڕاستەکانی مانگی 6ی ئەمساڵ. بە ئەگەری زۆر،هەتا ئەوکاتەش مستەفا کازمی کابینەکەی پێکەوە دەنێت و واشنتن بەرچاوی ڕوونتردەبێت کە لەگەڵ کێ قسەدەکات. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کازمی دەتوانێت وتەبێژی هەمووعێراقییەکان بێت؟ لەوانەیە بەڕەسمی وابێت بەڵام بە غەیری ڕەسمی گەلێك ناوەند و گرووپی دیکەی خاوەن بەرژەوەندی هەن کە کازمی بێ ئەوان ناتوانێت بڕیاربدات. ئەو ڕێککەوتنە کاتێك سەردەگرێت کە ئەمریکا لە پشتی پەردەوە دانووستاندنی لەگەڵ ئێران و گرووپەکانی نزیك لەودا هەبێت یان کاتێك کە عێراق خاوەنی بڕیاری سەربەخۆ بێت. لانیکەم لەماوەی کورتخایەنیشدا ئاماژەیەکی بەهێزبۆ هەبوونی سەربەخۆیی بڕیاری عێراقی لە ئارادا نییە.

خاڵیکی دیکەش بۆ بیرکردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەگەڕێتەوە. ئایا عێراقییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە لە جیاتی بەرهەمهێنانی یەکە و گرووپی چەکداریی نوێ، ئابوورییەکی بەهێزیان هەبێت و کاڵای نایاب درووستبکەن؟ ئەگەر وابێت چانسی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا زۆرە. ئەمە پرۆسەیەك بوو کە ئەورووپی و ژاپۆنییەکان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا پێیدا ڕۆیشتن. هەردوولا بە کەڵکوەرگرتن لە یارمەتیی دارایی و ئابووری ئەمریکا گەشانەوە و چوونە ڕیزی هێزدارە گەورەکانی ئابووری جیهان. بەڵام مەرجی ئەمەش ئەوەبوو کە لەژێر چەتری ئەمنی ئەمریکادا بمێننەوە. پرسیارەکە لێرەدا کە لایەنە شیعییەکان ئەمە قبووڵدەکەن؟ بە ئەگەری زۆر، بەشیك لە ناسیۆنالیستە شیعییەکان پشێوازی لەمە دەکەن بەڵام، ئەستەمە ئەوانەی کە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژیی- دینییان هەیە توخنی بکەون.

**ئەنجام**

ئەگەر ئەجینداکان وەك خۆیان جێبەجێبکرێن، وادیارە دەورووبەری دوو مانگی دیکە ئەمریکا وعێراق گفتوگۆی ستراتیژی دەکەن. ئەگەر وابێت، لەدوای 2003وە ئەمە دووەمجار دەبێت کە شتی وا ڕوودات. ئەمەی کە بڕیارە بکرێت، دەرەئەنجامێکی قۆناخی دوای داعشە. شەڕی وەرگرتنەوەی جوگرافی لە داعش تەقریبەن کۆتاییهات و بەشێك لە شیعەکانی عێراق وا هەستدەکەن کە دەتوانن بەبێ ئەمریکاش هەڵبکەن و بگرە هەبوونی ئەمریکا بە ئاستەنگیشی دەزانن. ئەمریکاش بۆ مانەوەی هێزەکانی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە عێراق تووشی گرفتێکی یاسایی- سیاسی و سەربازی بووە کە پێویستە چارەسەری بکات. ئەم دووە دانووستاندن دەکەن بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی تازە بدۆزنەوە. ئەمەش پوتانسێلی کاریگەریدانانی لەسەرهەموو عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەیە. بە ئەگەری زۆر حکومەتی بەغداش بەهێزتردەکاتەوە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستانیش بتوانێت بەشداری ئەو دانووستاندنانە بێت یان لانیکەم هەوڵبدات کە ڕێککەوتنی واشنتن- بەغدا لەسەر حیسابی ئەو نەبێت.

[1] _https://www.state.gov/secretary-michael-r-pompeo-remarks-to-the-press-8/

[2] _ ماددەی 30ی ڕێککەوتننامەی ئەمنی عێراق و ئەمریکا

[3]_ https://photos.state.gov/libraries/iraq/216651/US-IRAQ/us-iraq-sfa-en.pdf

Section 3

[4] _ https://photos.state.gov/libraries/iraq/216651/US-IRAQ/us-iraq-sfa-en.pdf

SECTION 1, NO:4